# نا ئومێدی لە هۆنراوەکانی هۆنەری گەورەی کورد( ئەحمەد هەردی )

م. شیرین سعید محمد

زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان
سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

**پێشەکی:**

نا ئومێدی لە هۆنراوەکانی هۆنەری گەورەی کورد(ئەحمەد هەردی)دا ئەو بابەتە بوو کە زێتر سەرنجی بۆ ئەم چەند سیپارەیە راکێشاوین ئەم دەستەواژەیە وەك بیرۆکەیەك باکگراوندێکی کۆنی هەیە لە مێژووی ئەدەبی کورد یدا هەروەها ئەم بابەتە لای زۆرینەی مێژوونووسان و وێژەوانان و کۆمەڵناسانی کورد بە شێوازی جیاواز بەرچاو دەکەون ولێکدانەوەی بۆ دەکرێ , نائومێدی پێوەند ییەکی راستەو خۆی بە ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری یەوە هەیە لە تەواوی بوارەکاندا, بە هەمان شێوە نائومێد ی بووبووە بە شێکی گەورە لە ژیانی هۆنەردا ئەمەش وای کردبوو بەشێوەیەکی سیستیماتیکی لە هۆنراوەکانیدا رێچکەیەکی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە دەستەواژەی نائومێدی وەربگری لە هەردوو رێبازی ریالیزم و رومانسیەتی هەردی دا .

ئەم بابەتەمان بۆیە هەڵبژارد , چونکە وەك توێژینەوەیەك لە رووی بابەتی و زانستی یەوە بایەخی خۆی پێنەدراوە , لەهەمان کاتدا لێرەدا هەوڵمان داوە شێوازی میتودو لێکۆڵینەوەی زانستانە رەچاو بکەین , لەلایەکی دیکە ئەم نووسینە ژمارەیەك لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ئەکادیمی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ نموونە..نامۆیی نەتەوەی, هەلگورد بەرزنجی/نامۆیی, ریچارد شاخت, وەرگێرانی بۆ عارەبی کامل یوسف/نامۆیی ,غیاث الدین نەقشبندي/ فروید و سروشتی مرۆڤایەتی, وەرگێرانی بۆ عارەبی, عدنان عبدالرحیم/ ریبازی رومانتیك لە ئەدەبی کوردی دا, خورشید رەشید/ لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی دیکەی سەرچاوەی باوەڕپێکراو.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە ,کە خۆی لە چەند تەوەرێك دا دەبینێتەوە..کە بریتین لە زاراوەی چەمك و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نائومێدی و ڕێبازەکانی ریالیزم و رومانسی, لەگەڵ هۆکارەکانی نائومێدبوونی هەردی, لە کۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە گەڵ کورتەیەك بە زمانی عارەبی و ئینگلیزی خراوەتە بەر دەست.

### بەشی یەکەم

### چەمکی نا ئومێدی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی

### تەوەری یەکەم : زاراوەو چەمکی نائومێدی

نا ئومێدی جۆرێکە لە دروستبوونی بەدگومانی لای مرۆڤ کە لە دۆخێکی نا لەباری وەرس و سەخت و بێزاربووندا تووشی نامۆیی و نائومێدی دەکات, بە چەشنێك , کە بەکارهێنانی توانا بەهاو راستەقینەکانی لە دەست دەدات تەنانەت لەو کۆمەڵگەیەشدا کە مرۆڤ تێیدا پەروەردە بووە وەك کەسێکی ئاسایی هەست بە بوونی خۆی ناکات وەك مرۆڤێك بەڵکو بە چاوێکی نزمیش تەماشای خۆی دەکات و تەنانەت ئەو پرسیارەش ئاراستەی خۆی دەکات کە بۆچی ژیان لە گەڵ ویست وئارەزووەکانیدا ناگونجێت. بە واتایەکی دیکە لە دەستدانی بڕواو متمانەیە بە کەسێتی مرۆڤەکە خۆی.

نائومێدی وەك کێشەیەك بووەتە دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و زۆر لایەنی فیکری ورۆشنبیری گرتووەتەوەو لە تەواوی کۆمەڵگە شارستانیەکاندابوونی هەیە , بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی وڵاتە سەرمایەدارو تێکنەلۆژیا گەورە و پێشکەوتووکاندا.[1]

سەبارەت بە مرۆڤی نائومێد یاخود نائومێدی لای مرۆڤ , دکتۆر (کەریم قەرەچەتانی) پێی وایە کە ((ئەم نائومێدیە زۆرجار لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تاك هەست بە بێدەسەڵاتی خۆی دەکات و گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی , کە توانای هیچ گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی نی یە و تەنانەت ناشتوانێ چارەنووسی و دوواڕۆژی خۆشی دیاری بکات, وێڕای ئەمەش ناتوانێ بەشداری لەو کاروچالاکیانەشدا بکات,کە پێوەندی راستەوخۆیان بە چارەنووسی یەوە هەیە))[2] .

**تێڕوانینی دەروونناسان و کۆمەڵناسان سەبارەت بە زاراوە و چەمکی نائومێدی:**

( فرۆید) پێی وایە نائومێدی مرۆڤەکان بۆ چەندین کۆت وپێوەندی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە کە هەر لە منداڵیەوە دەخرێتە گەردنی مرۆڤەکان, ئەم کۆت و پێوەندەش وا لە مرۆڤ دەکات کە دوورە پەرێز و نامۆ بێت[3] .

واتە مرۆڤی نا ئومێد ئامادەیی ئەوەی تێدایە, کە شکست خواردن ونەهامەتیەکانی داهاتوو قەبوڵ بکات و هەروەها ئەو بڕوایەش بە خۆی دەهێنێ ,کە ژیانی خۆی بایەخێکی ئەو تۆی نی یە.

ئەم چەمکە لای (جۆرج لیشتمایم) بەمجۆرە پێناسەکراوە(( نائومێدی لە بنەڕەتدا وەك فکرێکی میتافیزیکی بە هۆی گۆڕانکاری لە بیری فەلسەفیدا سەری هەڵداوە, بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا کە ڕووکردنە زانست وبیری ئەزمۆنگەری لە جیهانی فیکری غەیبیات وئایینی ومیتافیزیکی دوورکەوتنەوە))[4] .

هەر سەبارەت بەم چەمکە لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەردوو بیرودۆزانی (سارتەر )و(فرۆید)دا دەبینین , کە یەکەمیان پێ وایە ((ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە هەست بە راڕایی خەمۆکی ناکەین, ئەوا ئەوانە یان لە راڕایی خۆیان رادەکەن یاخود فێڵ لە خودی خۆیان دەکەن))[5]

---

[1] هەڵگورد بەرزنجی/نامۆیی نەتەوەیی/چ-١, سلیمانی ١٩٩٨,ل ٢٨

[2] د.کەریم قەرەچەتانی /سایکۆلۆژیای هەرزەکاران و لاوان/ چ-١/هەولێر,٢٠٠٤,ل١٢١

[3] فروید والطبیعة الانسانیة /ت .عدنان عبدالرحیم/دار الحقائق- بیروت ل١٦

[4] نامۆیی نەتەوەیی/سەرچاوەی پێشوو ل٢٩

دووەمیشیان دەڵێت(( کاتێك ڕاڕایی ونائومێدی بەرزبێتەوە ئەوا پاڵ بە مرۆڤەکانەوە دەنێت بۆ خۆکوشتن))[6] .

گەلێك جار خەمۆکی ونائومێدی لای مرۆڤی هەڤخواز درووست دەبێت ,کە جۆرێك لە دەسەلاتی لێ زەوت کراوە, یاخود ماف پێشێل کراوەو وەك هاولاتییەکی پلە دوو ئەژمارکراوە, بۆیە نائومێدی ئەم مرۆڤانە بەرامبەر بەو دەسەلات وسیستێمە نەخوازراوە بەڕێوەبردنەیە , کە ناتوانێت لە گەلێدا بگونجێ و تەنانەت هیچ بوارێکی بۆ هاوبەشی کردن لە چاککردن و راستکردنەوەی ئەو دەسەلاتەدا نی یە و لە ئەنجامدا نەك هەر هیچی پێنابڕێ, بەلکو زیانی گەورەشی بەردەکەوێ))[7] .

دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەست کردن بە لاوازی , بەکەم سەیرکردنی روخساری خۆیی و بایەخ نەدان و پشتگوێ خستنی ژیانی خۆی, تەنانەت کۆتایی هێنان لای ئەو مرۆڤە بە ژیانی خۆی ئەگەرێکی زۆر بە هێزە چونکە ڕاڕایی وگۆشەگیری وبارودۆخێکی نەخوازراوی سەپێندراو لە کۆمەلگەدا ,نائومێدی و نامۆیی لای ئەو مرۆڤە درووست دەکەن. بیردۆزان وزانایانی کۆمەڵناسیش هەر چەند کۆمەڵێك رای جیاوازیان هەیە, بەلام لە هەمان کاتدا لە کۆمەڵێك بۆچوونیشدا کۆك وتەبان لەوەی کە نائومێدی وەك زاراوەو چەمك بریتی یە لە زاراوەیەکی فەلسەفی ودیاردەیەکی کۆمەلایەتی.

لە کۆتایدا دەکرێت بلێین نائومێدی بریتی یە لە : هەستکردن بە دڵتەنگی و بێ هیوایی , کە تووشی مرۆڤ دەبێت, وای لێ دەکات کە کاریگەری خراپ لەسەر چالاکیەکانی ژیانی رۆژانەی دروست بکات .

**تەوەری دووەم: هۆکارەکانی سەرهەلدانی نائومێدی**

لە پێناسەکردنی زاراوەی نائومێدی دا گەر بەوردی تێبینی بکەین ئەوا کۆمەڵێك هۆکار بەرچاو دەکەون لە خەمۆکی ونامۆیی ونائومێدی مرۆڤ دا .بەلام وێڕای ئەوانە پێویستە چەند هۆکارێکی سەرەکی و بنچینەیی پێوەندندار لەم رووەوە بخرێنە بەردەست و دەکرێ لێرەدا بۆ هەر یەك لە وانە بەجیا لێیان بتوێژینەوە:

**١) دۆخی ئابووری:**

ئابووری لە ژیانی مرۆڤ دا رۆڵێکی تایبەت و کاریگەری هەیە.لەم بارەیەوە بۆچوونەکان دەبنە دوو بەشەوە, کەلایەنێکیان پێ یان وایە ئابووری ئەو رۆڵە گرنگە نابینێ و کەسایەتی خودی مرۆڤە کە بۆ خۆی سەرمایەیەکی ئابوورییەو ,لایەنی دووەمیش پێچەوانەی ئەم بیرۆکەیەن و بەلکو پێیان وایە دۆخێکی ئابووری باش دەتوانێت ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەرانانە بۆ مرۆڤ فەراهەم بکات. بەلام دوور نی یە هەردوو ئەو بۆچوونە تەواوکەری یەکدی بن وکەم و زۆر وەك یەك رۆڵی خۆیان لە کۆمەلگەدا ببینین.

پێویستە ئاماژە بەو راستی یە بکرێ,کە لە سەردەمی بە جیهانبوون و پێشکەوتنە گەورە تێکنۆلۆژیاکانی ئەوڕۆدا ئەم دۆخە ئابووری یەی بەلایەکی دیکەدا بەرجەستەکردووە و ژیانی زۆرینەی مرۆڤەکانی بەرەو جۆرێك لە ئالۆزبوون و سەختی و نائارامی بردووە , بۆیە نەبوونی ئابوورییەکی گەشەسەندوودەبێتە سەرهەلدانی نائومێدی و بێ هیوایی لە نێو ئەو زۆرینەیەدا و بە توندی یەخەی دەگرێ و لە داهاتووشدا

[5] د.کەمال مارف/ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی,چاپی یەکەم,سلیمانی,٢٠٠٣,ل٨٠

[6] فروید و الطبیعة الانسانیة/نفس المصدر .,ل١٠٢

[7] غیاث الدین نقشبندي/ نامۆیی/ چ-٢,کوردستان,٢٠٠٤,ل٤٨

بەرەوڕووی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی تێکنۆلۆژیا دەبنەوە لە ئەنجامیشدا ژیانی مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەیەکی چاوەڕوان نەکراوی دیکەدا دەبەن.

باسەکە خەمۆکی و نائومێدی لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکەجیاوازی هەیە و دەگۆڕدرێ و جۆری کارکردن و ئاستی کار جۆرێك لە نائومێدی لای خەڵکی دروست دەکات.

دەکرێ ئاماژەیەك بۆ بۆچوونێکی (مارکس) بدەین , کە دەڵێت: ((نائومێدی ئەنجامێکی راستەوخۆی واقیعی ئابووری یەکە مرۆڤ لە بەرهەمی کارەکەی و فرمانەکانی نائومێد دەبێت , چونکە لە کۆمەڵگە شارستانی و پێشکەوتووەکاندا پێوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان بە جۆرێکە کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی دیکەدا نائومێد دەبێت...,هەروەها (مارکس) پێ ی وایە کە: نامۆبوون شتێکی سەروەری نی یە و بە هاتنەکایەی یاخود دروستبوونی رژێمێکی ئابووری-کۆمەلأیەتی دروست تر و باشتر مرۆڤ ئازاد دەبێت, کاتێکیش مرۆڤ ئازاد بوو ئەوا لە نائومێدی رزگاری دەبێت))[٨] .

بۆ پیشتیوانی لەو تێزەی (مارکس), (پۆل ریکۆرد)یش بەم جۆرە هاتووەتەگۆ(( لەبەر ئەوەی نائومێدی بۆ خۆی بریتی یە لە بارودۆخێکی مێژوویی ومرۆڤ بەسەر مرۆڤ دا سەپاندوویەتی و لەگەڵ دیاردەی خاوەندارێتی تایبەتدا پەیدا بووە, هەروەها دابڕان و جیابوونەوەی بەرهەم لە بەرهەمهێنەر و بەتالأن بردنی ئەو بەرهەمە لەلایەن کەسێکی دیکەوە, هەروەك بردنی بەرهەمی کرێکار لە کۆمەڵگە سەرمایەداریەکاندا))[٩]

( کارل مارکس)ی ئەڵمانی بەرەگەز جوولەکە لە تێزە بە نێو بانگەکانی خۆیدا (دیالێکتیکی مەتێریالیزم, ململانێی چینایەتی و ئابووریەکی سوسیالیستانەدا) جێگەی تایبەتی بۆ رۆڵی چینی کرێکار و چەوساندنەوەی لە کۆمەڵگە سەرمایەداریەپیشەسازیەکاندا کردووەتەوە کەچی هێشتا لەلایەن (والتەر گۆفنان)ەوە کە پێشەکی بۆ کتێبەکەی (ریچارد شاخت) نووسیوە سەرنج و تێبینی رەخنەگرانە ئاڕاستەی (مارکس) دەکات وپێی وایە, کە ((بارودۆخی چینی کرێکار لە ولأتە سەرمایەداریەکاندا یەکجار خراپە و بەرادەیەك , کە ئاستی مرۆڤایەتی تێپەراندووە , بۆیە گومان لەوەدا نی یە , کە شۆرشێکی گەورەی دڕندانەی وا سەر هەڵدەدات, کە کۆتایی بەم بارودۆخە بێنێ))[١٠] .

سەرهەڵدانی نا ئومێدی سەرچاوەکەی کۆنە و پێوەندی بە قۆناغی سەرمایەداری موڵکدارێتی یەوە هەیە , کە دەستە و گرووپی هێزی کاریان چەوساندووەتەوە و رەنج و بەرهەمەکانیان بەتالأن بردوون. لە ڕاستیدا جیاوازی چینایەتی و مولکدارێتی و سەرمایەداری لە گەڵ ئەو داهێنانە گەورانەی , کە لەتەکنۆلۆژیای سەردەم دا هەن ,بەڕادەیەك بوونەتە هۆی نائومێدی و تەنانەت جۆرێك لە کۆیلایەتیش لای مرۆڤی سەردەستە و چینی چەوساوە. هەروەك ((سیمان)) دەڵێت:((مرۆڤ لە کارەکەیدا بێ ئومێد دەبێت ئەگەر بزانێت ئەو کارەی هیچ بایەخێکی بۆ خۆی نابێت ,ئەگەر چی لە بەرامبەر ئەو کارەشیدا موچە وەربگرێ))[١١] .

---

[٨] د.کەمال مارف /سەرچاوەی پێشوو,ل٧٨

[٩] الوجود الزمان و السرد/فلسفة ثول ريكورد-ترجمة سويد الغانمي,المركز الثقافي –بيروت ,ل١٣٥

[١٠] نامۆیی/ سەرچاوەی پێشوو. ل١٠١

[١١] نامۆیی نەتەوەیی/ سەرچاوەی پێشوو .ل٤١

**٢) دۆخی كۆمەڵایەتی:**

ئەم دۆخە ڕۆڵێكی گرنگ و لەبەر چاو دەگێڕێ لە سەرجەم بوارە جیاوازەكانی ژیانی خەڵكیدا .هەر لە داب و نەریت و پێوەندی یە كۆمەڵایەتیەكانی سەردەمی پێشوو ئەمڕۆشماندا.

سەرهەڵدان و نائومێدی لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكێكی دیكە جیاوازی هەیە. ئەگەر نائومێدی لای مرۆڤی تاك لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی یە دوواكەوتووەكاندا پێوەندی بە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی وئابووری یەوە هەبێت و كاریگەری لەسەر دابنێت,ئەوا لە وڵاتە پیشەسازی یە پێشكەوتووەكاندا ئەم نامۆیی و نائومێدیە زێتر پێوەندی بە باری دەروونی و گۆشە گیری بە پێوەندی یە كۆمەڵایەتیەكانەوە هەیە.

لە كۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا دەكرێ شتێك هەبێت نێوی بنرێ نائومێدی كۆمەڵگە, چونكە بێگومان لە كەش و هەوایەكی ناهەمواردا , دۆخی ناتەندروست و ناسەقامگیر دروست دەبێت, هەر چەندە پێدەچێت هێزێكی وا نەبێت كە توانای لە نێو بردنی دابونەرێتی هەبێت, بەلام بەنزیك بوونەوە و تێكەڵبوونی كۆمەڵگە جیاوازەكان سنوورەكان تێدەپەڕێنێ و تا ئەندازەیەك نەریتەكان بەرەو لاوازبوون دەبات و ڕەنگ هەیە گەر دۆخی تێكەلاوبوون و لەیەك نزیكبوونەوە بەردەوام بێت ئەوا مێژووی نەرێتی پێوەندیـیە كۆمەڵایەتیەكان بە ئاقارێك ببات كە مەسەلە ئابووری یەكان دەستنیشانی ئەو پێوەندی یانە بكەن.

وەك ئاماژەمان پێدا دۆخی ناسەقامگیری ونائارامی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەیەك دەبێتەهۆكارێك كە بەشێك لە مرۆڤاكان بەرەو نائومێدی ببات.

سەبارەت بەم دۆخە (هەڵگورد بەرزنجی) پێی وایە كە: ((ئەم بارودۆخە كارێكی وا دەكات كە چەندین زاراوەی وەك داماڵڕاو لە كۆمەڵ و دابڕین لە كۆمەڵ و بێتوانایی لە گونجانی كۆمەڵایەتی و دارمانی توانای خۆ گونجاندن لە گەڵ بارودۆخی ئاسایی ناو كۆمەڵگەو نەبوونی هەستی پێوەندارێتی كۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نەبوونی هەست بەمانای ژیان دروست بكات))[١٢] .

نائومێدی, خەمۆكی , كە بە واتای دابڕان و تەنانەت جیابوونەوەی مرۆڤیش دێت و واقیع و ژیانی ئەو كۆمەڵگەیەی خۆی لێ دەبێت بە نامۆ و تووشی جۆرە ناكۆكیەكی دەكات لە نێوان خودی خۆیی و كۆمەڵگەكەدا, كە دەكرێ بە نەخۆشیەكی دەروونیش نێو ببرێت لەمجۆرە كۆمەڵگەیەی ئێمەی ڕۆژهەڵاتیدا خەمۆكی و نامۆیی ڕووبەڕووی هەردوو ڕەگەزی نێرومێ دەبێتەوە و ڕەنگە ئەمەش لە تەمەنێكی دیاری كراودا ڕوودات, بە تایبەتی , كە هەردوو ئەو ڕەگەزە خۆشەویستی و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان بە مافێكی سروشتی خۆیان بزانن, بەلام داب و نەرێتە كۆمەڵایەتیەكان زۆربەی جار ڕێگر دەبن لە پێش ئەو مافە خۆزایی یە مرۆڤانەیەدا و هەندێك جاریش كێشەی گەورەی لێدەكەوێتەوە و ئەمەش بۆخۆی یەك لەو هۆكارە سەرەكیانەیە كە بەشێك لە مرۆڤەكان تووشی ڕەشبینی ونائومێدی لە ژیاندا دەبن. سەبارەت بەم دۆخە د.(كەریم قەرەچەتانی) دەڵێت:((پێشێل كردنی ماف و سەربەستیەكانی تاك لەلایەن خێزان و كۆمەڵەوە وسووكایەتی پێكردن و وەرنەگرتنی راوبۆچوونەكانیشی كۆمەڵێك فاكتەری ترن, كە مرۆڤ بەرەو نائومێدی دەبەن))١٣ .

[١٢] نامۆیی نەتەوەیی/سەرچاوەی پێشوو ,ل٢٨

[١٣] سەیكۆلۆژی هەرزەكاران ولاوان. سەرچاوەی پێشوو ,ل١٢٤

نەبوونی خۆشەویستی له نێوان تاك و کۆمەڵدا هۆکارێکی گرنگی دیکەی دیاردەی نامۆیی و نائومێدی‌یە له نێوان هەردوولا. نەبوونی توانای تاکە له خۆ گونجاندن و سەرکەوتنی ژیانی کەسێتی دا لەبەردەم ئەو بارودۆخە کۆت کراو و چاوەڕوان نەکراوەدا, له هەمان کاتدا ئەم دۆخە وا له کۆمەڵگە دەکات ,کە نەتوانێت وەڵامی مافەکانی تاك بداتەوە, کاتێکیش تاك هەستی بەوە کرد کە مافەکانی پێشێل کراوەو زەوت کراوە و پێوەندی یە مرۆڤایەتیەکان بە دیوێکی تردا بەر جەستە دەکرێ و داڕمانی ویژدانی کۆمەڵایەتی بەهای پێنادرێت, ئەو دەمە مانای ژیانی لێ ون دەبێ و روو له نائومێدی دەکات [14] .

نائومێدی دەستە و توێژاڵی دەستە بژێریش دەگرێتەوە و رەنگ هەیە, کە زۆرینەی نووسەر وهۆنەرەکانیش گەلێك جار بە دەست باری سیاسی و دابەونەرێتی کۆمەڵگەشەوە دووچاری خەمۆکی دەبن و پێوەی دەناڵێنن. تەنانەت کار دەگاتە ئاستێك کە کۆمەڵگەکەی خۆیان جێبهێڵن و بەرەو هەندەران کۆچ رەو بکەن و لە تاراوگەش نائومێدیەکانیان لە نووسین و هۆنراوەکانیادا رەنگ بداتەوە.

**٣) دۆخی سیاسی:**

دەسەڵاتی سیاسی گرنگترین کۆڵەکەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە و هەرلێرەوە نەخشەی ئەو بەڕێوبردنە لە تەواوی بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەکرێن. بێگومان هیچ دەوڵەتێك ناکرێ بێ رێکخەرێك بەڕێوەبچێت ,واتە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی لە رێی کۆمەڵێك یاساوەدەبێت.مەرج نی یە هەموو دەوڵەتێك خاوەنی دەستورێکی خۆی بێت , بەڵام هیچ دەوڵەتێك نی یە کە بێ یاسا بەڕێوەبچێت. دەستوریش کە بۆ خۆی وەك گرێبەستێکە لە نێوان دەوڵەت وکۆمەڵگەداو بە دایکی یاساکان دادەنرێ لە ئەنجامدا هەر لە کۆکردنەوەی ئەو یاسایانەدا دروست دەبێت ,کە وڵاتی پێ بەرێوە دەبرێت. بەڵام ئایا جێ بەجێ کردنی دەستوور یاخود یاسا لە هەموو وڵاتێکدا وەك یەك دەسەڵاتە سیاسی یەکە پێڕەو دەکات؟ بێگومان نەخێر ,چونکە لە وڵاتانی دیموکراتی و ئازادی و ماف پێدراوانی مرۆڤدا دەستوور بەپێی یاساکان بەرێوەدەچێت و دەخرێتە خزمەتی راستینەی کۆمەڵگەوە بە چەشنێك ,کە مافی هیچ تاکێك پێشێل ناکرێت. راستە کە لە هیچ وڵاتێکدا ناکرێت بووترێ بە شێوەیەکی رەها هەموو دەسەڵاتەکان بەڕێوەدەچن, بەڵام دەکرێ ئەو راستی یە فەرامۆش نەکرێ , کە لە بەردەم یاسادا یەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە وهیچ کەسێك ناتوانێت لێی دەرباز بێت کە ئەم شێوە حوکمرانی یە تەواو پێچەوانەی وڵاتە تۆتالیتێرە ئوتۆریتێرەکانە ,کە وڵاتانی رۆژهەڵات بەشێکی گەورەی کۆپی ئەو دەسەڵاتەن لە جیهاندا, چونکە لەم وڵاتانەدا یاساو دەستوورەکان تەنها لە نێو کتێبە دەق نەشکاوەندا هەن, خۆ ئەگەرنا حیزبەکان و بەتایبەتی (حیزبی قائد) دەسەڵاتدارە و لە نێو ئەو حیزبەشدا تەنها سەرۆك حوکمدار و رێبەر و یاسایە.

دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگە بەرەو ئاڕاستەیەك دەبات ,کە دۆخی ئابووری وکۆمەڵایەتیش بە تەواوی دەشیوێنێ و دەبێت دەستوور و یاسا و خەڵك وخاك هەر هەمووی لە خزمەتی سەرۆکی رێبەردابن. بەمجۆرە نەك مافی تاك و گوزەرانیەکان ,بەڵکو ماف بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەش پێشێل دەکرێ وبەرەو تاریکی ونائومێدی دەبات و لە ئەنجامدا کۆچ ورەوی بەکۆمەڵ لەم وڵاتانەدا روودەدات بەرەو شوێنێکی ئارام ,کە ژیانێکی دوور لە نائومێدییان بۆ فەراهەم بکرێ .عێراق نموونەیەکی تەواوی ئەم دۆخە سیاسی یەیە.

---

[14] د.دیل کارینضی/ دع القلق وأبدأ الحیاة, مؤسس معهد العلاقات الانسانیة, تعریب عبدالمنعم محمد الزیادی,نیوروك,ل١٢٣

## بەشی دووەم

## ڕێبازەکانی بەرخۆدان و هۆکارەکانی نائومێدی لە ژیانی هەردی دا

### تەوەری یەکەم: نائومێدی لە ڕێبازەکانی بەرخۆدانی هەردی دا

سەرەتای هۆنەرێتی هەردی بە هۆنراوەی ریالیزم دەستپێدەکات و لەم رووەوە بە گڕو هەستێکی بە تینەوە چووەتە ناوجیهانی وێژەی کوردی یەوە. هەر لە سەرەتادا وەك لەسەرکەرەوەیەکی مەسەلەی سیاسی نەتەوەکەی بەشێوەیەکی هەستیارانە خۆی لە دوژمنایەتی کردنی دوژمنە سەرسەختەکانی کورد یەکلایی کردووەتەوە ,کە ئەوانیش ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگێتی یە و پێی وابووە لەرێ بەرخۆدان و شۆڕشی نیشتمانی یەوە دەکرێ چۆك بەو دووژمنانە دابنرێ.

د.(عیزەت الدین موستەفا رەسوڵ ) لەو بارەیەوە بەمجۆرە سەبارەت بە هەردی دەدوێت: ((بزاوتی ریالیزمی نوێ لە ئەدەبی کوردی دا بووە مایەی خولقاندنی چەند ئەدیبێك کە ریالیستانە هاتنە ئاراو ژان و چەوساندنەوەی گەلەکەیان لە بەرهەمەکاندا رەنگی دایەوە, پێشەنگی ئەوانیش (ئەحمەد هەردی)بوو کە بە سروودی(ئازادی خوای کوردین ئێمە) پشتیوانی لەو پێشکەو تنخوازانەی دونیاکرد ,کە زۆر بەورەی بەرزەوە دژایەتی دەرەبەگێتی دەکەن لە پێناو دابێنکردنی زەوی بۆ جوتیاران .هەر لە سۆنگەی ئەو پێشکەوتنخوازی یەوە شاعیر بە ئاقاری چینی کرێکاردا رۆیشت تا پێشڕەوایەتی خەباتی گەل بکات دژی داگیرکەر))[١٥]

هەردی لە لاوێتیدا لە جموجۆڵ و خۆپیشانەکاندا لە دژی چەوسێنەر و داگیرکاری و کۆنەپەرستێتی چالاکی نواندووە و لە ڕێ ی درووشم و هۆنراوەکانیەوە بەشداری کردووە وەك هۆنەرێکی شۆڕشگێری ریالیزم, کە بە درێژایی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم هۆنراوەکانی وتووە و توانیوێتی جۆش و خرۆش بە لاوانی هەڵگری بیری نەتەوەیش بدات و تەنانەت زۆربەی هۆنراوەکانیشیان لەبەر کردووە .[١٦]

سەبارەت بەم گرتنە ڕێبازەی (هەردی) خۆی دەڵێت((هەر چەندە ئاشنایاتیم لەگەڵ ڕێرەوی ریالیزم دا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٤٦و دوواتر, بەڵام ئاشنایاتیم لەگەڵ بیری چەپێتی دا بۆ ساڵی ١٩٤٤ ئەگەڕێتەوە, واتە پێش ئەمەش شتێکی سەیر نی یە, چونکە بارودۆخی سیاسی ئەو سای عێراق وای کردبوو, کە ئەوانەی بیروڕایەك بڵاوئەکەنەوە بایەخ بە لایەنی سیاسی ئەو بیروباوەڕە ئەدەن پێش ئەوەی گوێ بدەنە ڕێبازە ئەدەبیەکە . دوواتریش من قوتابخانەی رۆمانسی کاری تێکردم))[١٧] .

سەرەتای نووسینی هۆنراوەی ئەم ڕێبازە لای هەردی دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتایهاتنی دووەم جەنگی جیهانی و سەرکەوتنی بەرەی ئازادیخوازان بەسەر نازیزم و فاشییزمدا و بڵاوبوونەوەی بیری چەپڕەوێتی و کۆمۆنیزم و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و شۆڕشی گەلانی ژێر دەستە دژ بە دیسپۆتیزم و رژێمە چەوسینەرەکان و لەهەمان کاتدا دامەزراندن و گەشەسەندنی راگەیاندن و کاری میدیایی , ئەمانە (هەردی) بەلای چەپڕەوێتی وریالیزمی شۆڕشگێرانەدا بردووە. هەر چەندە هۆنراوەکانی لەم بوارەدا یەکجار دەگمەنن, بەڵام بە پێزن و مەشخەڵ و ئاگری گەرم کەرەوەی کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی نێوچەی سلێمانی بوون.بەڵام بە ڕێدابردنی (هەردی) بەرەو رۆمانسیەت , هەردی خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: ((ئەو

[١٥] گۆڤاری رۆڤار, سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤

[١٦] خورشید رەشید ,ڕێبازی رۆمانتیك لە شیعری کوردیدا, دەزگەی رۆشنبیری وبڵاوکردنەوی کوردی,١٩٨٩ ,ل٦٨.

[١٧] گۆڤاری نووسەری کورد, چاوپێکەوتنی محمد حەمە باقی, ژمارە ١٥, پایزی ١٩٨٩,ل٣٧.

شیعرانەی ,کە بەرگی خەم پەژارەیان لەبەردایەو لە (١٩٤٤-١٩٤٥) وتا (١٩٥٠)ش وتوونی زۆرتری ئەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی ئەو شیعرانەی جوبران و هاوڕێکانی))[١٨]

( کاکەی فەلاح)یش گەڕانەوەی هەردی لە ڕێبازی ڕۆمانسیدا هەر بۆ ساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێنێتەوە . ئەو لەم بارەیەوە دەبێژێ: ((دوایی ئەوەی شاعیر (مەبەستی لە هەردی یە) تەواو هیوای نەما بە شۆڕش و سیاسەت لەو سەردەمەدا, بە تایبەتی لە دووای کارەساتەکەی ڕاپەرینی کانونی یەکەم و(مەبەستی لە مانگی دوانزەی/١٩٤٨)ە لێدانی بزوتنەوەی نیشتمانی وحیزبە پێشکەوتووخوازەکانی ئەو سەردەمەی مەیدانی سیاسەت ,نەمان یان کپ بوونەوەی بزووتنەوەی دیموکراتی, شاعیر بە تەواوی نا ئومێد بوو, و پشتی لە شۆڕش و سیاسەت کردوو کونجی گۆشەگیری گرت و لێرە بە دواوە (هەردی) بە تەواوی لە دونیای بابەتی شیعری ریالیزمی شۆڕشگێرانە ڕووی کردە دونیای شیعری ڕۆمانسی ڕەشبینانە .[١٩]

کۆمەڵێك هۆکار هەبوون کەوایان لە (هەردی) کردووە, ئەو چەشنە ڤەڵەمبازە لە بۆچوون و لە هۆنراوەکانیدا بدات و بەرەو دونیای ڕۆمانسیەت مل بنێ, کە بێگومان دۆخی سیاسی ئەو سەردەمە و باری ئاڵۆزی ژیانی کەسێتی خۆیی و کێشە و ململانێ پڕ لە سەخت و ئاڵوزەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ڕەنگە پێش هەموو هۆکارێکی دیکە کەوتبێتن کە (هەردی) بێ ئومێد کردبێت, چونکە (( لە گەرمەی شۆڕش وخوێن گەرمیدا بە نائومێدی ڕووی کردووەتە مەڵبەندی ڕۆمانتیکی پڕ لە سۆز و ئەندێشە و بەزمی دڵداری ,کە لێرەشدا هەر نائومێد و دڵ شکاوبوو))[٢٠]

شایانی باسە ,کە هۆنراوەکانی (هەردی) لەم بوارەشدا هەر کەم بوون , بەڵام پوخت و بەهێز و کاریگەرو لە لووتکەدا بوون. لە نامیلکەی ((رازی تەنیایی))دا کە لە ١٩٥٧ دا بلاوکراوەتەوە, لە پێشەکیەکەیدا خۆی دەڵێت: ((ئەم هەڵبەستانەی لەم بەرگەدا کۆکراوەتەوە , چەند هەنگاوێکە ,کە هاویشتومە لە مەیدانی (هەڵبەستی تازە)دا , کە تەواو بوونی هەندێك لەو هەڵبەستانە تا رادەیەك سەرکەوتنم پیشان ئەدات, هەروەها ناتەواوی و نیوە ناچڵی هەندێکی تریان سەرنەکەوتنم پیشان ئەدا, وەکو لە (دڵێکی تێکشکاو)دا دەرئەکەوێ, ئەمە لەو لاوە بوەستێ, لەلایەکی تریشەوە ئەو دەنگ و ئاوازەی لە تەلی ئەم هەڵبەستانەوە , کە حەزناکەم و بەمن بێ, گوێ ی هیچ گەنجێکی کورد بەو چەشنەئاوازانە بئاخنرێ , کە سەرتاپا بۆ ئافرەت و دڵداری ئەلاوێنێتەوە))[٢١]

دوو هۆکاری دیکەش هەن سەبارەت بە گرتنە بەری ڕێبازی ڕۆمانسی لای هەردی:

١- گۆرانکاریەکی بنەڕەتی بووە لە بیرو بۆچوون و لێکدانەوەکانیدا .هەردی بە تەواوی لەوە گەیشت , ئەو ڕێبازەی کە لەوەوبەر پێرەوی دەکرد چەوت وچەوێڵ بووە و میللەت قوربانیەکی زۆری بۆداوە و هەناسە سارد و ڕەنج بەخەسار و کەنەفتەکار و فرمێسکێکی زۆری هەڵرشتووە و نابەجێ و بێ دەستکەوت بووە و هیچ پێوەندیەکێشی بە نەتەوەی کوردەوە نەبووە و هەرچیشیان کردووە بە فیرۆچووە و تەنها خۆماندووکردن و کات بە فیرۆدان بووە.

[١٨] گۆڤاری نووسەری کورد، ژ. ١٦،١٩٨٩ ,ل٤٣.

[١٩] کاکەی فەلاح,کاروانی شیعری نوێی کوردی,چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغدا ,١٩٧٨,ل١٤٥.

[٢٠] خورشید ڕەشید, ڕێبازی ڕۆمانتیك لە ئەدەبی کوردی دا,بەغدا ,١٩٨٩,ل٢٦٩.

[٢١] ئەحمەد هەردی , رازی تەنیایی, چاپخانەی شەفیق, بەغدا ,١٩٥٧,ل٣

٢- (هەردی) هیچ جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکی لەو گۆڕانکاریە فکریەدا پێشان نەدا, بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ ئەو شانازیەکی گەورەبووە. هەر لە هەمان کاتدا (هەردی) , کە ماوەیەك لە کارەکانی دوور خراوەتەوە نەبووەتە دەستە خۆربوونی لە ژیاندا , هەرچەندە وەك کۆمەڵێك کەسانی دیکە گەر بیویستایە ئەوا بە کەمێك خۆنزیك کردنەوە لە دامو دەزگەکانی حکومەت, ئەوا زۆر بە ئاسانی دەیتوانی لە گیروگرفتی بێ کاریش رزگاری بێت.

(هەردی) بەردەوام ئەو راستی یەی نەشاردووەتەوە , کە زۆر کاریگەری ئەدەبیانی بیانی لەسەر بووە و لەو ڕووەوە دەبێژێ: ((نووسینەکانی جوبران, کە بەلای منەوە بەرگێکی رۆمانسی نوێ یان لەبەردا بوو بەلای منەوە شتێکی تازە و نەبیستراو بوون و لەو سەردەمەدا کاریگەریەکی زۆریان تێکردم. هەردی درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێت: ((قوتابخانەی رۆمانسی بە تێکڕایی دوو لایەنی جیاوازی تیایە, لایەنێکیان زۆرتر باسی تەنیایی و خۆشەویستی و فرمێسك و خەم و پەژارە کردنە و لایەنەکەی تریان یاخی بوون و شۆڕش و پەلاماردانی باو نەریتی سەردەمە )).[٢٢]

بارودۆخی ژیانی نائومێدی (هەردی) و بیر و بۆ چوونەکانی بە ئاشکرا لە هۆنراوەکانیدا رەنگی داوەتەوە و ئەوەتا لە هۆنراوەی ((تەپڵی بەتاڵ))دا (هەردی) زۆر بە بێ هیوایی یەوە باسی رابووردویمان بۆ دەکات ولەوێدا پەشیمان بوونەوی دەردەخات و دەڵێت:

وامەزانی کە ناموس وحەیا نرخی کوڕانە

راستگۆیی ولات پەروەری, ئەنجامی ژیانە

نەمزانی براکەم, هەموو ئەم ناوە زلانە

وەك تەپڵی بەتاڵ, گەرچی زل وگەورەیە دەنگیان

دەستکردی خەیاڵی لە ژیانا, نی یە رەنگیان[٢٣]

لە هەڵبەستێکی دیکەیدا زۆر بە جوانی نامۆیی (هەردی) دەدەرکەوێت:

چەند ساڵە لەرێ ئەم گەلەدا, من کە ئەسوتێم

کەس نرخی نەزانیم و هەتا تێنەگەی لێم

سا شەرتە کە میللەت ئەمەبێ, بیخەمە ژێر پێم

هەر چەندە بەسەرزاری ئەبێ ,گەل مەبەستم بێ

بۆ شوینە ونی ,بەرزی ئەو, گورزی دەستم بێ[٢٤]

ئەم جۆرە بێ هیوایی و هەڵچوونە بریتی بووە لە سەردەمێکی ژیانی پڕ لە سەختی (هەردی) , چونکە ئەو ژان و نەهامەتیانەی ,کەبەرۆکی گرتبوون, بە شێوەیەکی راستەقینە و لەناخەوە ئازارەکانی دەروونی لەو دوو بەیتەدا روون دەکاتەوە.

---

[٢٢] رۆڤار ,ژمارە٧, تایبەت بە ئەحمەد هەردی ,ساڵی٢٠٠٠,ل٣٦

[٢٣] ئەحمەد هەردی ,رازی تەنیایی,ل٧٢

[٢٤] ئەحمەد هەردی ,هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل٧٣

**تەوەری دووەم : هۆكارەكانی نائومێد بوون لای هەردی**

هۆكارەكانی بێ هیوابوونی هۆنەر تەواوی بوارەكانی ژیانی هەردی گرتبووە ,كە دەكرێت لێرەدا بە كورتی لە هەریەك لەو بوارانە بدوێین:

**١) باری دەروونی**

كورد وەك نەتەوەیەكی ژێر دەستە و كوردوستان وەك خاكێكی دابەشكراوی نێوان سێ نەتەوەی ستەمكاری نێوچەیەكی رۆژهەلاتی دواكەوتوو ,كە هەر خۆشیان ئازاد نین و بن دەستی وڵاتە زلهێزەكانن و تەنانەت هاوڕەگەزەكانی خۆشیان دەچەوسێننەوە, ئەو جا دەبێت ژیانی ئەم كوردە لە چ دۆخێكدا بێت, كە پێناسە و زمانی لە زۆرینەی كوردستاندا لێ قەدەغە كراوە. ئەم بارودۆخەی كورد كاریگەریەكی یەكجار قووڵی لە بواری دەروونی (هەردی) دا جێهێشتووە بە چەشنێك ,كە خۆی وەك كەسێكی نامۆ و لە هەمان كاتدا بێ دەسەڵات لە كۆمەڵگەیەكی نەخۆشدا بینیوەتەوە , لەبەر ئەوە ئەو وەرچەرخانە سیاسی یەی (هەردی) لە دونیای ریالیزمەوە بەرە و دونیایەكی رۆمانسی پڕ لە عەشق و ئەوین لەبەر ئەوە بووە, كە خەمەكانی برەوێنێتەوە بەڵام دونیای عەشقیش نەیتوانێ كەمێك لە باری دەروونی هەردی كەم بكاتەوە و زیاتر ئەو ژیانە بارە دەروونیەكەی سەختر دەكرد.

كاتێك ئەو بارە دەروونیە ئەیگەێنێتە ئەو پەڕی بێ ئومێدی و بەم جۆرە ئاشكرای دەكات و دەڵێت:

دوێنێ لە تەك نەمانی سورایی خۆرنشیا
كە شەو هێواشێ باڵی كێشا بەسەر زەمینا
تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم
ئاواتی پڕ لەتاسەی دەروون و گیانی برسیم
بە جارێ نایە چاڵی ژیانی پڕ سزاوە
كە شەوقی چەندە گەنجی هەژاری تیا رژاوە
لەتەك هەموو عەزاب و ژیانی بێ هیوادا
ئەم رەنجی ساڵەهایەم , كە گشتی چووبەبادا [٢٥]

**٢) باری كۆمەڵایەتی**

ئەم دۆخە كۆمەڵایەتی یە سەرچاوەیەكی دیكەی گرنگی بێ هیوایەكان بووە ,كە خۆی بەسەر هۆنەردا سەپاندووە.كێشە كۆمەڵایەتیەكان و جیاوازی پلەوپایەی نێو دەستە و توێژاڵەكانی كۆمەڵ بە تەواوی هەردی بەرەو خەمۆكی و نامۆیی و بێ هیوایی بردووە و ژیانی بەرەو تەنیایی و تا ئەندازەیەك گۆشەگیری بردووە. هۆنەر لە پەخشانی ((لە كوێیت ئەی بەختیاری)) بە چاوێكی رەشبینانە تەماشای ژیان دەكات و دەڵێت: ((ئادەمیزاد هاوخوێنی ئەكوژێ, هەر بۆ بەختیاری تۆ چیت ئەی بەختیاری ,كە ئەم هەموو كاروبارەت بە ناوەوە ئەكرێ؟ لە كوێن ئەم ئادەمیزادانە لەم ماندویەتی و بێ ئارامیە رزگاركەیت,لە كوێت دوایی بەم بێدادی و زۆرداریە بێنیت ,كە بەناوی تۆوە ئەكرێت؟ لەكوێت؟ لەكوێت؟)) [٢٦]

---

[٢٥] رازی تەنیایی/ئەحمەد هەردی ل٦٤-٦٥

[٢٦] گۆڤاری گەلاوێژ,ژ-٥, ٥,١٩٤٣,ل١٨

وەك دەردەكەوێت تەنانەت بەختیاری لای هەردی تاریكاییەكە و هیچ تروسكاییەكی تێدا نابینرێ, بەختیاری تەنها وشەیەكی سەر كاغەزە و لای ئەو هیچ بوونێكی نی یە.

هۆنەر گازندەوگلەیی لەم بارە كۆمەلأیەتیە هەیە و لەو جۆرە ژیانە پەستە وەك دەردەكەوێ تەنها كەسێك بێت كەڕووبەڕووی هەموو ئەو گێژاوی و تەنگ چەڵمەیە ببێتەوە, بەلأم لە هەمان كاتدا توانا و بەرگەی هەموو ئەو كێشانە ناگرێ و بە ناچاری لە بەردەمیاندا چۆك دادەنێ و بێ دەسەلأتانە بەرامبەریان رادەوەستێت .

(خورشید رەشید) بۆچوونی وایە كە(( لە زۆرباری كۆمەلأیەتی پەست و راوەستاودا ناكۆكیەكی بەهێز پەیدا ئەبێت لە نێوان ئاوات و ئیدیالی شاعیردا و كۆسپی كۆمەڵەكەیدا لە ئەنجامیدا هەردووكیان بە گژیەكدا دەچن, هەروەها جیاوازی چینایەتی بۆتە هۆی نائومێدی شاعیر لەو دڵداریە دوورودرێژەیدا ,كە نیوەی تەمەنی لاوێتی لە پێناو ئەو خۆشەویستیەدا بەخت كردووە.[27]

ئەم دۆخە كۆمەلأیەتیە كاریگەری یەكجار قووڵی لە ژیانی (هەردی) دا داناوە , تەنانەت لە هەندێك لە هۆنراوەكانیدا تێكەڵەیەك لە هەردوو رێبازی ریالیزم و رۆمانسێتی دەبینرێ. بۆ نموونە, لە هۆنراوەی (دوو چەشن دڵداری)دا دەڵێت:

باخەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتەوە
بۆ ئەوەی گەورەی بكاو بۆ پارە بیگۆڕێتەوە
بیفرۆشێ بەو كەسەی خەڵكی ئەروتێنیتەوە
بۆ ئەوەی مێزی شەرابی پێ بڕازێنیتەوە [28]

هەروەها لە هۆنراوەی چەپكە گوڵێك بۆ (ست فاتیمە)ش دا دەڵێت :

گەرچی دڵداری لە خاكی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ كوڕی خاوەن تەلار وئانەیە [29]

ئەوانە نموونەیەكن لە خەروارێك لەو راستی یەی ,كە هۆنەر بە تەواوی لە پێوەندی یە كۆمەلأیەتیەكان و ژیانی كۆمەڵگەی سەردەمی خۆی تێگەیشتووە. ئەوەشی ,كە (هەردی) تەواو نائومێد كردووە نەبوونی هێز و دەسەلأتێك بووە ,كە بتوانێ جۆرە یەكسانیەك لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵ و پێوەندییەكانی نێوان دەستە و توێژاڵە جیاوازەكاندا دەستەبەر بكات.

٣) باری ئابووری: دۆخی ئابووری لە كۆنەوە و تا ئەمڕۆش و بۆ داهاتووش رۆڵێكی یەكلاكەرەوەی سەقامگیری لە هەردوو بوارەكانی سیاسی و كۆمەلأیەتیدا دەگێرێ . ئابووری دەتوانێت ئارامی سیاسی لە ولأتدا تێك بدات و لە هەمان كاتیشدا دەسەلأتی سیاسی بچەسپێنێ و بەرەو گەشەسەندنی ببات , بە هەمان شێوە توانای ئیفلیج كردنی و شێواندنی بارە كۆمەلأیەتیەكەی هەیە و پێچەوانەكەشی هەر راستە, پێوەندی یە مادیەكان لە قۆناغە جیاوازەكاندا رۆڵی كاریگەریان بینیوە و بە تایبەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو پێوەندیانە زێتر خەست

[27] خورشید رەشید, رێبازی رۆمانتیك لە شیعری كوردی دا, بەغدا,١٩٨٩,ل
[28] ئەحمەد هەردی , رازی تەنیایی ,چاپی دووەم هەولێر ,١٩٨٤ ,ل٧٠
[29] گۆڤاری گەلاوێژ ,ژمارە(٨) ,١٩٤٣ ,ل٢٤.

بوونەتەوە. هەڵبەت لەو سەردەمەی (هەردی) دا ژیانی مرۆڤایەتی بە تەواوی لە جیهاندا سەخت بووە و هەژاری بەشێکی گەورە و بەرچاوی کۆمەڵگەکەی داگیر کردووە.

مرۆڤی پارەدار بۆ خۆی بۆتە بەهرەدار و پیاوی چاك و خۆشەویست بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو سیفاتانەی تێدابێت , مرۆڤی نەبووش, وەك کەسێکی بێ بایەخی بێ رێزی کوڵکنی چڵکنی ڤێزەون تەماشاکراوە , ئەمە لە کاتێکدا ,کە هەموو سیفەتێکی پیاو چاکی و رەوشت بەرزی و رۆح سوکی و بەهرەداری تێدا هەبووە.

ئەم بارە ئابووری یە و پێوەندی یە مادی یە لەم سەردەمەشدا هەر بەردەوامە و کەسی پارەدار بێ ئەوەی هیچ چاکەیەکی بۆ کۆمەڵگەکەی هەبێت , کەچی سەرەڕای ئەمەش بووەتە خۆشەویست و خەڵکی رێزی لێ دەنێت.

نا هۆشیاری کۆمەڵگەکە و دەسەڵاتی سیاسی ستەمکاریش هێندەی دیکە کۆمەڵگەکەی بەو ئاقارەدا بردووە , لەبەر ئەوە نائومێد بوونی (هەردی) و هەزارانی خەمخۆر و دڵسۆزی وەك ئەو ئاسایی و لەجێی خۆیدا بووە. جا وەك چۆن (هەردی) و هاوبیرەکانی خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نەبوون ,کە بەر خۆدانێکی سەرکەوتووانە لە ژیانی کۆمەڵگەی ناوشیاری و هەژاری و ژێر دەستەی بێ مافی نەتەوەیەکەیان دا بکەن, بە هەمان شێوە پاش تێپەڕبوونی پتر لە نیو سەدە کێشە کۆمەڵایەتیەکان و پێوەندی یە مادیەکان وەك خۆیان بێ چارەسەر کراوی ماونەتەوە.

**تەوەری سێهەم: نائومێدی لە هۆنراوەکانی هەردی دا**

نائومێد بوون لە زۆرینەی هۆنراوەکانی هۆنەردا و لە بڵاوکراوەی ((رازی تەنیایی))دا بە دەردەکەون پاش ئەوەی وەك خۆی دەڵێ و لە پێشووتریشدا ئاماژەی پێدراوە , کە لە ساڵانی چلەکاندا رێبازی ریالیزمی بەرەو رۆمانسێتی گۆڕی .

(کاکەی فەلاح)یش بە نزیکەیی ئەو نائومێد بوونەی (هەردی) هەر دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٠ کاتێك کە پشتی لە دونیای سیاسەت و شۆرشگێڕی کردووە [٣٠].

لە هۆنراوەی ((شۆرشی نائومێدی))دا , هۆنەر فەلسەفەیەکی نوێ خستووەتە ناو وێژەی(ئەدەبی) کوردی یەوە. لەم مەدرەسە شیعری یە نوێ یەدا دەبینین , کە دڵدار بە تایبەتی لەو کاتانەدا ,کە سۆزی (عاتیفەی) بەسەر هۆش و لێکدانەوەیدا زاڵ دەبێت دەیەوێ دولبەر هەموو جڵەوێك بۆ ئەم سۆزە هەڵچووە شۆڕبکات .جالێرەدا گەر ئەو دولبەرە خاوەن هەستێکی عاتیفەیی بێت, ئەوا لە زۆرکاتدا ئەو دوو عاتیفەیە یەك ناگرنەوە, چونکە هەر جووڵەیەکی ورد لە یەکێکیاندا بۆی هەیە ئەوی تریان سارد بکاتەوە))[٣١] .

(هەردی) خۆشی لە بارەی ئەم هۆنراوەیەوە دەڵێت: ((لە کاتێکدا کە ئادەمیزاد بە رێککەوت بۆی دەرئەکەوێ ,کە ئەو تریقەی پێکەنینانەی بە ماکی خۆشەویستی ئەزانی , هەوێنی تەفرەدان و دەست بڕینە, لە کاتی وادا ئامیزاد رقی لە دڵداری و خۆشەویستی بە جۆرێك هەڵئەستێ , کە حەزناکات تەنانەت چارەی ئەو یادگارانەشی ببینێت کە لەو دڵداری یەدا بەجێ ماون))[٣٢] .

---

[٣٠] کاکەی فەلاح , کاروانی شیعری نوێی کوردی,بەغداد, ١٩٧٨ , بەرگی یەکەم, ل١٥١

[٣١] رۆفار , سەرچاوەی پێشوو,ل١١

[٣٢] ئەحمەد هەردی, رازی تەنیایی ,چ-٢, ١٩٨٤,ل٥٥

هەر بەو بۆنەیەوە هەردی ئەم هەڵبەستەی وتووە:

بناغەی چینی دیواری, تەلاری بەرزی دڵداری
بەسەر لانەی دڵدا روخا, تەپو تۆزی خەمی هێنا
بە دوی باڵداری ئاواتی , فریوی بێ سەرو شوێنا
دەسا ئەی پایزی ماتەم , ئەوەندەم تاسە پێماوە
هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێ ماوە
بە جارێ وەك گەڵای سروەی خەزانت گشتی راماڵی
بە وردی هەر گەڵاێیکی ببابۆ قوژبن وچاڵی.....[٣٣]

(کاکەی فەلاح) رای خۆی لەم هۆنراوەیەدا بەمجۆرە دەربڕیوە:

(( لە هۆنراوەکەدا شاعیر بە شێوەیەکی رۆمانسیانەی پڕ لە ناخۆشی و نائومێدی هەستی بۆ دڵدارەکەی دەربڕیوە و وێنەیەکی هونەری جوانی تیادا بەکارهێناوە, ئەویش ئەو دیمەنە هەست پێکراوەیە ,کە بە شێوەیەکی خەون و خەیاڵی رۆمانسی تێکەڵی شتە هەست پێنەکراوەکانی کردووە .[٣٤]

لە هۆنراوەیەکی دیکەی دا (( بێ ئارامی)) تەواو بێهیوایی و نامۆیی لای (هەردی) بەرجەستە دەبێ چونکە نا ئارامی بۆخۆی کۆمەڵێك کێشە لای مرۆڤ لە بوارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زۆر جاریش لە باری سیاسی و ئابووری دا سەر هەڵدەدەن و بەرەو ژیانێکی سەخت و ئاڵوزاوی دەبەن.

هەردی لەم هەڵبەستەیدا دەڵێت:

ئاخ وداخ ودەرد لە دەست تەنیانی
پەشێوی بێ حەد, دەردی بێ دوایی
ئەم سەرسامی یە,
بێ ئارامی یە,
دڵناکامیە,
کەی دێ کۆتایی
بۆ هەر کوێ ئەچم پێی خراپترم
ناسرەوێ دڵەی پڕ لە ئاگرم
نە لە ناو گوڵزار,
نەلای خزم ویار,
نە لە دەشت وشار,
ئۆقرە ناگرم.....
لە دەست شار هەڵدێم , ئەچمە ناو گوڵزار,
لەوێش هەڵناکەم, دێمەوە ناوشار,

[٣٣] ئەحمەد هەردی , سەرچاوەی پێشوو,ل٥٥

[٣٤] کاکەی فەلاح, سەرچاوەی پێشوو, ل١٥٤

**وەك ئارام نەماو,**

**دڵ وپێ سوتاو,**

**خانەی خەو روخاو,**

**لە دنیای بێزار....**[٣٥]

( هەردی) لە بارەی ئەم هەڵبەستەی خۆیەوە ئەوها دەڵێت: (( ئەم شیعرە لە چاپی یەکەمدا نی یە, یەکێکە لەو شیعرانەی لە سەرەتای هەرزەکارییدا دامناوە, رەنگە هاوڕێیەکی وەك مامۆستا (عومەر مارف) نەبێ , کەسێکی تر لێ نەبیستبم , شیعرەکە خۆی شتێکی ئەو تۆنی یە , چ لە رووی بابەت و چ لە رووی ریز کردن و هەڵبژاردنی وشەی نوێوە,.....))[٣٦] بێگومان هەڵبەستەکە پڕە لە بێ ئارامی ورەشبینی و هەڵکێشانی ئاخ و ئۆف, کە خۆی بە نەخۆشیەکی بێ کۆتایی ناوی دەبات و دەڵێ کەی ئەو نەخۆشی یە کۆتایی پێدێت.

دڵی هۆنەر وەك کورەیەکی گڕگرتووی لێ هاتووە و نە لە نێو گوڵ و گوڵزار و نە لە دەشت و دەری شار و نەلای دۆست وخۆشەویستەکەشی ئەو دڵە ئاگراوییەی فێنك نابێتەوە.

یەکێکی تر لەو هۆنراوانەی (هەردی) ((رازی تەنیایی)) کە تەواو نائومێدبوون بە هەردی یەوە دیارە و سەرتاپای ئەو هۆنراوەیەی بە تەمومژی رۆژگارە سەخت وبێ بەزەییەکانی داپۆشیوە وراستەو خۆ وراشکاوانە بەسەرهاتی دڵ شکاوی و تراژیدیای جوانەمەرگی و بەئەنجام نەگەیشتنی بێهیواییەکانی دەردەخەن ئەم هۆنراوەیەی (هەردی) , کە لە خوارەوە یەك-دوو کۆپلەی رادەگوێزین , بە شێوەیەکی رۆمانسیانەی بێ هیوایی زۆر جوان دەردەبڕێ کە هیچ گومانێك لەوەدا نی یە بریتی یە لە بەرهەمێکی راستگۆیانە لە تاقیکردنەوەی ژیانی خۆیداکە بێهودەیی لە پێك نەگەیشتنی خۆیی و دڵدارەکەی گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی نائومێدی.

**ژیان و ئەرکی ناخۆشی , پەپولەی ئارەزووی کوشتم**

**شەرابی جامی دڵداری , لە تافی لاویدا ڕشتم**

**تەمی رۆژانی پڕ مەینەت , وەها تاریك وچڵکن بوو**

**نیگاری خۆشەویستی دڵ , پەری ئاسایی تیاون بوو**

**شەوی تەنیایی , رووناکی چرای ئاواتی خنکانم**

**دەستی ناکامی , ئاوازی دەروونی کەیلی تاسانم**

**ئەوا ئێستا لە گەڵ زامی**

**دەروونی پڕ لە ناکامی**

**ئەپێوم چۆڵی : سەرسامی**

**لە تەنیایی شەوی ژینا, ئەنێم هەنگاوی کوێرانە**

**نی یە دەستێ, دەرم بێنێ لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە**

**نی یە جوانی , سەری کاسم , بنێمە سەر دڵی نەرمی**

**کە هیلاکی لەشم دەرکا , خەوی سەر باوەشی گەرمی**

---

[٣٥] ئەحمەد هەردی, رازی تەنیایی.....ل٤

[٣٦] سەرچاوەی پێشوو ,ل٤٨

**ئەگێڕم چاوی بێ تینم , بە تاریکی شەوا سەرسام**
**نی یە پرشنگی دوو چاوی , کە رووناکی بکا رێگام**
**بە غەیری باڵی غەمناکی**
**شەوی پی ترس وسامناکی**
**نی یە یەك تۆزە رووناکی[٣٧]**

هەردی لەم هۆنراوەیەدا ددان بەوەدا دەنێت ,کە ((ئەم شیعرە هەر چەندە لە ساڵی ١٩٥١ دانووسراوە , بەلاّم شیوەنێك یان ئاوڕدانەوەیەکە لە قۆناغێکی لەوەو پێشتر ...کە تا ڕادەیەك لە شانزە ساڵ چاوەڕوانی ئەچێت)) [٣٨] .

لێرەدا هیچ گومانێك نامێنێت, کە خوێندنەوەکانی (هەردی) بۆ ئەو سەردەمەی ژیان وپێوەندیەیە کۆمەلاّیەتیەکان تەواو بێزاری کردووە و ژان و ئازارێکی یەکجار گەورە بەجەستەو بیر و بۆچوونەکانی کەوتووە. هەروەها هۆنەر هیچ جۆرە تاوانێك ناخاتە ئەستۆی دڵدارەکەی , بەڵکو هەموو ئەو بۆچوون و هەستانەی دەبەستێتەوە بە ژیانی پڕ لە ناسۆری ومەینەتی و زیندانی کردن و کەم دەستی و هەژاری خۆیەوە بۆیە هەموو ئەمانە بوونەتە گەورەترین کۆسپ کە لە ((رازی تەنیایی )) دا بەرامبەر تەواوی ئاواتەکانی هەردی وەستاون و رێگربوون لە بە دەستهێنانەوەی ،هەرچەندە (هەردی) لە ژیانیدا وەك زۆرینەی هۆنەرانی کورد هۆنراوەی کەم نووسیوە, بەلاّم هەر هەڵبەستێکی هێندەی سیپارەو دیوانە شیعرێك کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی داناوە و ئەو هۆنراوە کەمانەی دەگمەن و لە لووتکەدان , کە بەشانازی و شکۆمەندی یەوە جێ خۆی لە مێژووی وێژەی هاوچەرخی کورددا کردووەتەوە.

[٣٧] ئەحمەدی هەردی ,رازی تەنیایی , سەرچاوەی پێشوو ,ل٧٩
[٣٨] سەرچاوەی پێشوو ,ل٧٩

**ئەنجام:**

نائومێدی وەك زاراوەو پێناسە لە گەڵ بوونی مرۆڤ دا هاوتەمەنە و هەروەك چۆن ئازادی وەك مافێكی خۆزایی و رەوایەتی بە مرۆڤ داوە و لەسەرەتای لە دایك بونیەوە هاتووتە ئاراوە. لە هەمان كاتدا نائومێدیش بە هەمان شێوە لە ناخی مرۆڤ دا بەرجەستە دەبێت وپێوەندی بە سەرجەم بوارەكانی ژیانی مرۆڤ و دەرورووبەری یەوە هەیە. زانایان و لێكۆڵەرەوانیش هەموو یەك ناوەرۆك و مانایان لە پێناسەكردنی نائومێد یدا بە دەستەوەداوە و هۆكارەكانی سەرهەڵدانیشی هەر دەگەڕیننەوە بۆ لایەنە خراپەكانی باری ئابووری وكۆمەڵایەتی وسیاسی كۆمەڵگە.

بەڵام نائومێدی لە ژیانی (هەردی) دا وەك زۆر بە جوانی دەردەكەوێ رەنگ دانەوەیەكی تایبەتی بە خۆوە دەبینێ , كە ئەمەش بە ئاشكرا لە هۆنراوەكانیدا جێ گرتووەتەوە و ژیانی تا ئەندازەیەك بە ئاقارێكی جیاواز لە هۆنەرەكانی دیكەی سەردەمی خۆی بردووە و تراژید یای نەتەوەكەی لەسەرجەم بوارەكاندا كاریگەری قووڵی لەسەر داناوە.

هەردی سەرەتا كاریگەری ریالییزمی شۆرشگێرانە و بیری چەپێتی لەسەر بووە و بەرخودانی لە پێناوی بەیەكسان كردنی كۆمەڵگەی نەتەوەكەی بووە , بەڵام دووای سەرنەكەوتنی ئیدی بە ئێش و زامێكی زۆرەوە رێگەی رۆمانسیەتی لە ژێر كاریگەری ئەدەبی بیانی , بە تایبەتی ژمارەیەك لەو لوبنانیانەی كە لە تاراوگەدا دەژیان گرتووەتەبەر بەو مەبەستەی لێرەوە بتوانێ كەمێك لە ژیانی سەختی پڕ لە كێشە و گرفتی كەم بكاتەوە, بەڵام مەخابن نەك ئەم رێبازە نوێ یە هەر نەبووە گۆڕانكاریەك ,كە ژیانی بەرەو ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ببات, بەڵكو هێندەی دیكە بارودۆخی پێوەندی یە كۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەكان بەرەو نامۆیی و نائومێدی برد.

ئەم بێ هیوایی و رەشبینی‌یەی هۆنەر بۆ ژیان لە بەشێكی تەواوی هەڵبەستەكانیدا بەدی دەكرێ , بە تایبەتی لە هۆنراوەی رازی تەنیای دا كە بە راستی لە جۆرێك داستان دەچێت و لە هەر وشەو هەر رستەیەكیدا پێویستی بە شیكردنەوەیەكی قووڵ هەیە. هەروەها لە كۆمەڵێك هەڵبەستی دیكەیدا ((فاتیمە دووچاوی مەستم , ئوباڵی خۆت بە ئەستۆی خۆت, چاوەروانی بێهودە)) هیچ شتێكیان لە رازی تەنیایی كەمتر نەبووە.

دوواجار (هەردی) لە هەردوو رێبازەكانی ریالییزم و رۆمانسیدا نەیتوانی بەشێك لە بێ هیواییەكانی سارێژ بكات و بار و كۆچیشی لە كوردستانەوە بەرەو هەندەران یەك لە هۆكارە سەرەكیەكانی دڵی گرگرتووی پڕ لە خەمۆكی و نائارامی و نائومێدی هەردی بووە.

## ليستی سەرچاوەكان

**سەرچاوە كوردییەكان:**

١- ئەحمەد هەردی, رازی تەنیایی , چ - ٢, چاپخانەی زانكۆی سەلاحە دین ,١٩٨٤.

٢- خورشید رەشید ئەحمەد, رێبازی رۆمانتیك لە شیعری كوردی دا, دەزگای رۆشنبیری وبلاْوكردنەوەی كوردی , ١٩٨٩.

٣- غیاپ الدین نقشبندی ,نامۆیی ,چ-٢ , كوردوستان ,٢٠٠٤.

٤- د. كەمال مارف, ئەدەبیاتی كلاسیكی و نویٚ خوازی كوردی,چ -١ ,چاپخانەی , سلیمانی ,٢٠٠٣.

٥- د.كەریم شەریف قەرەجەتانی, سایكۆلۆژیای هەرزەكاران و لاوان, چ - ١ , هەولێر, ٢٠٠٤.

٦- كاكەی فلاح , كاروانی شیعری نویٚ كوردی, چابخانەی كۆری زانیاری كورد, بەغداد , ١٩٧٨.

٧- هەلگورد بەرزنجی, نامۆیی نەتەوەیی ,چ - ١ , سلیمانی, ١٩٩٨.

**سەرچاوە عەرەبییەكان**

٨- دین كارینجی , دع القلق وابدأ الحیاه , مؤسس معهد العلاقات الانسانیه , تعریب عبدالمنعم محمد الزیادی, نیویورك.

٩- فروید والگبیعه الانسانیه ,ت- عدنان عبدالرحیم, دار الحقائق ,بیروت .

١٠- الوجود والزمان والسرد/پول ریكورد , ت- سوید الغانمی , المركز الپقافی ,بیروت.

**گۆڤارەكان**

١١- گۆڤاری رۆڤار , ژ-٧ ,تایبەت بە ئەحمەد هەردی , دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ,٢٠٠٠.

١٢- گۆڤاری گەلاوێژ ,ژ- ٥,ساڵی ١٩٤٣.

١٣- گۆڤاری گەلاوێژ , ژ- ٨, ساڵی ١٩٤٣.

١٤- گۆڤاری نووسەری كورد, ژ- ١٦, ساڵی١٩٨٩.

١٥- گۆڤاری نووسەری كورد, ژ- ١٥, ساڵی١٩٨٩.

## ملخص البحث

خيبة الامل في قصائد الشاعر الكبير (أحمد هردي) دفعتني للخوض في ثنايا تلك المصطلح , كونها كفكرة ومضمون تمتلك خلفية سحيقة في الأدب الكردي وقد تناولتها أقلام المؤرخين والادباء والملمين بالعلم الاجتماع باساليب واشكال مختلفة , كونها ذات صلة مباشرة بالحياة الاجتماعية الكردية ومجالاتها المغايرة , وأستوحذ خيبة الامل على حيز كبير في حياة الشاعر, وهذا مادفع هردي الى امتلاك منهج أدبي ومنظور خاص به أزاء خيبة الامل كمدلول وأثرت بدورها في دفع الشاعر الى انتهاج المذهب الرومانسى في أشعاره.

قلة الاهتمام وعدم تسليط الضوء بشكل علمي وموضوعي كان وراء أختيارنا للموضوع , وقد قمنا باتباع منهج علمي في بحثنا واستخدمت العديد من المصادر والمراجع القيمة الموثقة المتعلقة بالعنوان , من ضمنهم: (نامؤيى نةتةوةيى, هةلَطورد بةرزنجى) , (الاغتراب, ريضارد شاخت , ترجمة/كامل يوسف) , (نامؤيى , غياث الدين نقشبندي), (فرويد والطبيعة الانسانية, ترجمه , عدنان عبدالرحيم) , (ريَبازى رومانتيك لة ئةدةبى كورديدا , خورشيد رةشيد) مع مجموعة اخرى من المصادر الموثوقة.

وقد قمنا بتقسيم بحثنا الى فصلين رئيسيين , مقسمة بدورها الى عدة مباحث : تحدثنا فيها عن المصطلح والمفهوم وعوامل نشوء الشعور بخيبة الامل لدى الشاعر مع الالتفات الى حياته الخاصة وأنهماجه الرومانسية كمذهب شعرى.



## Summery

## Hopelessness in Ahmed Hardi's poems

For me, "hopelessness in Ahmed Hardi's poems is an attractive subject to be discussed in this assignment, Hopelessness as a term has a long lasted background in the history of Kurdish literature. So many historians, literature researchers, and Kurdish sociologists has their own sayings in relation to this term, simply because hopelessness is highly related to the social life of Kurdish people.

Both alienation and hopelessness covered and still cover a wide range in Kurdish art and literature, thus their reflections on Hardi's poems can be felt easily, He discussed these terms on his own poems systematically, thus his style in this regard is highly appreciated, the seeds of alienation and hopelessness can be found in all Hardi's poems in Fields of Romantics and Realism. The lack of serious attention to this considerable subject encouraged us to tackle it, Further more we tried to deal with it taking in consideration the methods and styles of the scientific research .

To grasp the main aims of this assignment we tried to use a number of related scientific sources and bibliographies for instance.

- Halgoord Barzinji : ( ١٩٩٨) , national alienation. ( Kurdish)
- Shacht, Rechard : alienation.
- Naqish bandi : Ghathaddin ( ٢٠٠٤), alienation, Kurdistan.
- Freud and the nature of humanism Beirut.
- Khorsid Rashid : ( ١٩٨٩) Romantic method, Baghdad.

With the list of some other considerable sources .

This assignment consist of two main parts, each part discuss some different axes as terminology, the concepts and the reason of this terms growth in romance and Realism of Hardi.

Another question is raised to be answered in this assignment about Hardi's hopelessness. After wards the results of the research are listed in the end of the assignment.